# پەیوەندیە خێزانیەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری

## (پەیوەندی و ململانێی هاوگیانەکان بە نموونە)



ئا: ستار باقی کەریم

"توێژینەوەیەکی سۆسیۆخێزانیە"
بەشی سێیەم و کۆتایی

لەنێو فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردەواری واباوە، کۆمەلێك دەستەواژە یا ووشە، شێوازی نا دروستی خۆیان پێدراوە و بە سەیری بەکارهێنراون، لەوانەش (ووشەی هاوگیان) کە واتا راستەقینەکەی وەك لە رەفتار و ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکان بەدیار دەکەوێت، خۆی ووشەی (هاوژیان)ە. ئەم ووشەیەش بەم ژنە شوودارانە دەوترێت کە لە ناو یا دەرەوەی ماڵێك شوویان بە دوو برا کردوە. جا لەم نێوەندەی پەیوەندیشدا ئەگەرچی پەیوەندیەکی نا راستەوخۆ ولە هەندێك کاتیش راستەوخۆ بەیەکیانەوە گرێدەدات، بەڵام کۆمەڵێك کێشە و بۆچوون لەسەر هەست و نەستی هەردوو هاوژیان بەیەکەوە هەیە. لە ژیاندا مرۆڤێك بێ ململانێ بوونی نیە ، جا ئەگەر لەگەڵ ناخی خۆی یا لەگەڵ کەسانی دەوروبەرەکەی یاخود لەگەڵ چین و تاقم و دەستەکەی ترنەبێت، بۆیەش دەشێت لە هەندێك رووەوە ژنانی ئێمە لەلایەنی ململانێوە پشکی شێریان بەربکەوێت، چونکە ژنانی کۆمەڵگەی ئێمە پتر لە هەر کۆمەڵگەیەکی تر بەکارهێنەرن، یا بڵێم لە چاو پیاوان مشەخۆرترن ، خۆ ئەگەر ژنانی ئێمە کارمەند یا فەرمانبەریش بن ئەوە لە هەمانکاتدا بەهۆی زاڵبوونی هزری عەشایەری وئاینی لە یەك کاتدا، ئەگەر بە پلە دووش نەبێت، نابێتە خاوەن سەرمایەی خۆی. بۆیە ململانێکان لێرەوە بە هێمنی و لەسەرخۆیی، بگرە بە پەنهانیش دەرۆنەرێوە، چونکە دوای پرسە ماتەریەکان رۆڵی مۆدێل و کەلوپەل و شتومەکەکان دێنە ئاراوە. ماکس ڤێبەر پێی وایە ( ململانێی چینایەتی لەنێوان رۆڵەی یەك چین روودەدات بۆ گەیشتنە پایەی سەرکردایەتی هەستیار، وەك ململانێی نێوان کرێکار لەگەڵ کرێکار و .....)(١)، دەشێت ژنێك یا هاوژیانێك ململانێ لە دژ یا بەرانبەر هاوژیانەکەی تری بکات، کاتێ سەیردەکات خۆی لە پلەو پایەکی نزم یا لەچاو ئەویتر خراپتر دایە ، یاخود ئەو منداڵی نیە و ئەویتر هەیەتی، یا کاتێ وورد دەبێتەوە سەیردەکات هاوژیانەکەی سەرقاڵی خوێندنە و یا فەرمانبەرە، لێرەوە چەخماخەی ململانێی دوو ناسیاو بگرە خزم سەرهەڵدەدات، ئەوەی یەکەمیان دەیەوێت بگاتە ئاستی پێگەی خێزانی و کۆمەڵایەتی ئەویتر، جا کێشەیەکی ململانێ کە زۆرکات بە نەزانی بەکاربهێنرێت لێکەوتنەوەی ناخۆشی و ئاشووبەی ناو خێزانەکانە، هەڵبەت ژنانیش کەمتر توانای دان بەخۆداگرتنیان هەیە، بۆیە دەشێت ململانێیەکە شێوەیەکی ئاشکرا بەخۆوە ببینێت و ببێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خانەوادەی خۆی و هاوژیانەکەی بەرامبەری. ناشێت ئەوەش لە یاد بکەین کە ( ژنان بە سروشتی خۆیان کائینێکی غرورن) (٢) . هەڵبەت ئەم لێکدانەوەش رەها نیە و دەشێت ئەم درانەپاڵە بۆ ئەو بەخۆنازینەی ژنان لە پای ئەوە خاوەن نەرمونیانی و هەست ناسکی وسۆزداری پترنەبێت لەبەرامبەر پیاوانێکی پێچەوانەی ئەم

# مۆڵکدارێتی بنچینەی شتەکانە و بەردەوامیش سەرچاوەی ململانێ و ئاژاوە و دووبەرەکی و شەڕی نێو مرۆڤەکان بووە

وەسفەی سەرەوە. لەم سۆنگەشەوە دەبێت ئەوە لەیاد نەکەین کە ( سروشتی مرۆڤ وپێکهاتەی کەسایەتیەکەی، بە ڕێژەیەکی زۆر بە ڕووداوەکانی ژینگەکەی پشت دەبەستێ) (٣)، بۆیە زۆرکات مرۆڤەکان بەهۆی ئاستی تێگەیشتن و ڕۆشنبیرێتیان بە ئاگادێنەوە لەوەی ڕەفتاری تێدادەکەن، لەهەمانکاتیشدا ژینگە هەندێك مرۆڤی وای بەرهەمهێناوە ناچاری پەیرەوکردنی هەندێك ڕەفتاری سەیری کردوون، کە یەکێك لەوانە ململانێی نێوان تاکەکانە، بە شێوەیەکی نادروستانە، ئەگینا ناکرێت ژیان لە ململانێ بێبەریبێت. کامە ژن هەیە لاف بەوەوە لێنەدات کە ئاڵتوون و خشڵ وپاوانی پێوەبێت، یا پلە و پایەی هەبێ، یا ژنی بەرپرسێکی بالابێ، ئەگەرچی هەموو ژنان بەم ڕەنگە نین، بەلام پێم وایە خەسلەت و تایبەتمەندی زۆرینە بەمشێوە وایە. ( ئێرەیی بردنی نا ئاسایی ژنان یا پیاوان، پێدەچێت ئەم حالەتە لەبێبەریبوونی عاتیفیەوە بێت لە قۆناغی منداڵیشەوە سەرچاوەی گرتبێت ) (٤). هەڵبەت جیهانی دەروونی مرۆڤ پێویستی بە هەموو شتێك دەکات لەوانەش مولکدارێتیە، کە ڕەنگە بوونی خانوو یا موڵك، خشڵ و زێر، جوانی، منداڵ، تەندروستی و نەساغی، ڕێز و ستایش بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئاستی زانستی، پایە و جوانی و دەولەمەندی پیاو،....فاکتەرێك یا چەندان فاکتەری پێکهێنەری دیاردەی ململانێ بن لە نێوان هاوژیانەکانی ئەم کۆمەڵگەی کوردەواریە، ناشێت ئەو ڕووداوە لە یادبکەین کاتێ چەند ساڵێك بەر لەئێستا لە شاری هەولێر و لە گەڕەکی ڕزگاری، هاوژیانێك منداڵی هاوژیانەکەی تری خنکاند، تەنها لەبەر ئەوەی خۆی منداڵی نەبوو، ئەگەرچی ئەوە تەنها نموونەیەکە، بەلام لەهەمانکاتدا بۆ شیکردنەوەیەکی دەروونی کۆمەلایەتی پێویستمان پێیەتی. بۆیە دەبێت ئەوەش بڵێین ( مولکدارێتی بنچینەی شتەکانە وبەردەوامیش سەرچاوەی ململانێ و ئاژاوە و دووبەرەکی و شەڕی نێو مرۆڤەکان بووە) (٥) . بێگومان زۆرێك لەو هاوژیانانە ئەم کێشە و ململانێیەیان بە جۆرێك و شێوازی تر دەشارنەوە، بەلام لەهەمانکاتدا بوونیشی هەیە. مادام پێشکەوتنی ژیان بە ویست و بێویستی مرۆڤەکان بەردەوامە، ناشێت مولکدارێتی و هەستی مولکدارێی کردنیش جا مرۆڤ بۆ مرۆڤ بێت یا بۆ شتەکان بێت ئەوانیش بەردەوام نەبن، بۆیە ئیتر کێشەکانیش تەریبانە لەگەل ئەم پێشکەوتنانە بەرێوە دەرۆن. هەردەم مرۆڤ لە هەوڵی دەستەبەرکردنی زۆرتردایە، جا لەهەر لایەنێك بێت. بۆیە ئەو هاوژیانەی دۆخ و گوزەرانی باشترە، هەردەم لەهەوڵی ئەوەدایە بگاتە باشتر و باشتریش، بە پێچەوانەی ئەویتر کە ویستی لەبەرەو پێشەوەچوونی خۆی و دابەزینی ئەویتر دایە. ( ئێرەیی دەرئەنجامی جۆرێکی تێرنەبوونە، تا ئەوپەڕی نارەزایی مرۆڤ لە بەختی خۆی و چارەنووسی خۆی وایلێدەکات هەمیشە پەست و دردۆنگ بێت)( ٦). ئەو گلەیانەی مرۆڤەکان شتێکی حەتمین و هەر ئەوانیش هاوشانی مولکدارێتیو ویستی ئەم شتەن، ململانێکان قووڵدەکەنەوە و دەیگەیننە ئاستی پێکداهەڵشاخان. خۆ ئەم ململانێیە ئەگەر لە نێو یەك ماڵ بێت ڕەنگە شێوە و جۆری تر بەخۆوەبگرێت و دەمەقالێی ڕاستەوخۆی لێبکەوێتەوە. لەهەمانکاتیشدا پێموایە ئەم دیاردە کۆمەلایەتیە خێزانیە لە شار بۆ دێ دەگۆڕێت، بەتایبەت لەلایەنی توندی و خاویەوە. چونکە لە شار ئەرك و شت و داخوازیەکان بەگشتی زۆرن و لەهەمانکاتیشدا لە گوند کەمترن، سەرەرای ئەو داب و نەریت و پێوەرە کۆمەلایەتیە تەقلیدیانەی لەدێیەکان باون.

سەرچاوەکان

١ - الحسن، د. احسان محمد الحسن، رودا الفكر الاجتماعي،ص ٣١٦

٢ - عادل صادق، انترنيت، www.neelwafurat.com

٣ - هەمان سەرچاوەی یەکەم، لا٩٠

٤ - موحسینی، مەنوچێهر موحسینی، و: کۆمەڵێك وەرگێر، لا ٤٠٠

٥ - امام، امام عبدالفتاح امام، تێڕوانینێك لە فەلسەفەی کۆمەلایەتی، و: ئەژین عبدالخالق لا٩٠

٦ - گرانت، وێندی گرانت، تۆ بەسەرخۆتدا زالیت، و: شێرزاد حەسەن.